# حاجیلە

دەزگای ڕۆشنبیریی شەفەق - کەرکووک
بۆ تەمەنی ٩ تا ١٤ ساڵ

گوڵی حاجیلەکانی دەشتی هاموون
نەکەی بیدەی بە نێرگیز جاری گەردوون
حاجی قادری کۆیی

حوزەیران
٢٣
٢٠١٢



بەلەمێک لە نێوان ڕووپەڕەکانی ئەم گۆوارە ونبووە ، تۆی ئازا ئەگەر دۆزیتەوە ، ئێمە خەڵاتێکت دەکەین .

## بێچووی ئاژەڵان



سەرم بچووکە و چاوەکانم گەورەن، لە دەنکە مورووی دەچن. لە کاتی دانیشتندا، خۆم لەسەر کلکم ڕادەگرم و چاودێریی دەوروبەرم دەکەم.
دەزانن من کێم؟
من بێچووی سموورەی ئەرزیم ، بەزۆری لە بیابانەکاندا دەژیم و ڕەنگی قاوەیی و خەتخەتم هاوکارمە بۆ خۆشاردنەوە لەنێو بەردەڵانەکاندا.

ئا: زەریف







# گوڵزاری حاجیله

# دارخورماکانی جوانکاری

سەمیرە عەلی – کەرکووک





**کامیدۆریا** : ئەم جۆرەیان پێویستی بەشوێنی سێبەر و نیوەسێبەر هەیە و بەهیچ جۆرێک نابێ لەژێر تیشکی ڕاستەوخۆی هەتاودا بێ. حەزیشی لە کەشێکی مەیلەو گەرمە و ئاودانیشی دەبێ بەشێوەیەکی مامناوەندی بێ. بەهۆی ئەو خەڵفانەوە کە لە پەنای دایکانەکەدا دەردەچن زیاد دەکرێ.

**کێنتیا پاڵم** : حەزی لە ڕۆشناییی زۆر هەیە، بەڵام دوور لە تیشکی ڕاستەوخۆی هەتاو. کەشی دەوروبەریشی پێویستە مەیلەو گەرم بێ و، ئاودانیشی پێویستە بەشێوەیەکی مامناوەندی بێ، نە کەم و نە زۆر. بەهۆی ئەو خەڵفانەوە کە لە پەنای دایکانەکەدا دەردەچن زیاد دەکرێ.

**کێنتیای هویا فۆرستیرانا** : پێویستی بە ڕووناکیی زۆر هەیە و، دەبێ لە کەشێکی مەیلەو گەرمدا بێ. دەبێ خاکەکەی ژێریشی بەردەوام شێدار بێ و ڕووەکەکە بەبەردەوامی ئاوپڕژێن بکرێ. بەهۆی ئەو خەڵفانەوە کە لە پەنای دایکانەکەدا دەردەچن زیاد دەکرێ.




**سیکاس ڕیفۆلیتا** : ئەم جۆرەیان لە گەشەکردندا خاوە و خەڵفەی زۆر دەدا. پێویستە لە جێی نیوەسێبەردا بروێنرێ. حەزی لە کەشی مامناوەندییە. بە کەمی پێویستی بەئاوە.





## خۆشەویستیم بۆ دایکم

نەجمەدین کاکەبرا- کەرکووک



دایکم بە ئاوازێ خۆش
بە دڵێکی پڕ لە جۆش
لایلایەی بۆ دەکردم
تا خەو چاوی دەگرتم
وەک فریشتەیەکی جوان
چاوانم لەیەک دەنان
هیوای چاکی بۆم دەخواست
بە چەپکێ ناسک ئەیبەست
گشت کات منی لەبیر بوو
لە لاوییا تا پیر بوو
لەلای منیش پێویستە
ڕێزی ئەو خۆشەویستە
ئەو چاکانەی بزانم
داینێم لەبەر چاوانم

## دەستخۆشی

ئەحمەد حسین ئەحمەد – سلێمانی

سوپاس ئەی ژینگە پارێز
گسگدەری زۆر بەڕێز
خاوێنکەری بەرماڵان
هی شەقام و هی کۆڵان
هی گۆرەپان و بازاڕ
هەموو گۆشەیەکی شار
گوێنادەیتە ماندوو بوون
لە هەڵچوون و لە داچوون
گەرما و سەرما لەلایە
تۆیان بۆ لە بن نایە
ئەو کارەی پێت وتراوە
هەرچیت بۆ دانراوە
بە وردی لێی تێدەگەی
ئینجا جێ بەجێی دەکەی
مەرج بێ منیش توند و تۆڵ
بۆ کیسە و تەنەکەی خۆڵ
ڕێک و پێک دایان بنێم
دەستخۆشی بە تۆ بڵێم




## مەتەڵ

چوار پیتە ئەم مەتەڵە
وەک سەگ وایە، ئاژەڵە
کلکی درێژ و جوانە
خۆی فێڵباز و زۆرزانە
بەشەو دێ بۆناو لادێ
تاکو پەلەوەر بدزێ
ئەگەر سەگ ڕاوی نەنات
مریشکی گوند قڕ دەکات
بیزانە ئەم مەتەڵە
ڕاوی دەکەن بەتەڵە

عوسمان دەرویش شکور-کەرکووک

## فەرهەنگی حاجیلە

بێلان - کەرکووک



...ی خانوو یان باڵەخانە، ئەگەر شتەکان لەسەر یەک دابنێیت و ڕێکیان بخەی ئەوە شتێکی تریان لێ دروست دەبێ.

بیڵدینگ building

باڵەخانە، بریتییە لەو شوێنەی دیوار و بانی هەبێ وەک خانوو یان کارگە یان قوتابخانە یان فەرمانگە یان هۆتێل.

بەڵب bulb

١- ئەو بەشە خڕەی گلۆب کە ڕووناکی دەدا پێی دەگوترێ بەڵب.

٢- بە سەلک دەگوترێ بەڵب وەک سەلکە پیاز یان سەلکە توور.

بێرن burn

سووتاندی، ئەگەر کەسێک ئاگر لە شتێک بەربدا بۆ ئەوەی لەناوی ببا.

سووتا، ئەگەر ئاگر لە شتێک بەربێ پێی دەڵێن سووتاوە.

بێرست burst

تەقی یان شەقی برد، وەک تۆپێک کە هەوای زیادی تێ بکەی لەناکاو دەتەقێ.

بەس bus

پاس، ئۆتۆمۆبیلێکی گەورەیە کە ژمارەیەکی زۆر خەڵک لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر دەگوازێتەوە.

## ناوی کچانەی نوێ

هاژە عەلادین - لەیلان

ئایشا: ئەوان

ئەختان: دەرفەت

ئەنووێر: ترێ

باتوڤ: گیایەکە گوڵی سوور دەردەکا

تاژان: لکی باریکی دار

تاشا: بڕوانە

ئەسکڵ: پشکۆ

کنار: ڕۆخ

چەمەن – مێرگ

خاتێ – خاتە

## کۆدی وڵاتان

خورشید قاسم - بازیان



| | |
|---|---|
| - ئیندۆنیسیا | ٠٠٦٢ |
| ٢- ئینگلتەرا | ٠٠٤٤ |
| ٣- ئەفریقیای باشوور | ٠٠٢٧ |
| ٤- بەنگلادیش | ٠٠٨٨٠ |
| ٥- ئەلبانیا | ٠٠٣٥٥ |
| ٦- ئیرلەندای باشوور | ٠٠٣٥٣ |
| ٧- ئایسلاند | ٠٠٣٥٤ |
| ٨- بۆسنە و هیرسک | ٠٠٣٨٧ |
| ٩- بولگاریا | ٠٠٣٥٩ |
| ١٠- ئۆزبەکستان | ٠٠٧٣٧١ |





## حەسەن زیرەک

کازم محەمەد – دووبز



هونەرمەندی دەنگخۆش حەسەن زیرەک، ساڵی ١٩٢٦ لە گوندێکی سەر بەشاری بۆکان لەدایک بووە. ژیانی پڕ لە ئازار و ماندوویی بووە، هەر لە سەرەتاوە بە هەتیوی لەدایک بووە و لە چوون بۆ قوتابخانە بێبەش بوو. لە تەمەنێکی زۆر بچووکدا ناچار بووە بۆ پەیداکردنی نان کار بکا.


شاگرد بووە لە چایخانە و سەکن بووە لە ناو پاس، تا دەبێتە نۆکەری ئاغایەکی زۆردار، ئیتر لە دیوەخانی ئەو ئاغایەدا بەهرەی دەنگخۆشیی زیرەک دەردەکەوێ و وردە وردە ناوبانگ دەردەکا.

حەسەن زیرەک ناچار دەبێ وڵاتی خۆی بەجێ بهێڵێ و بچێتە بەغدا و لەوێ لە هۆتێلێک شاگرد دەبێ و هەلێکی بۆ دەرەخسێ و دەچێتە ئێزگەی کوردیی بەغدا و لەوێ دەیان گۆرانی تۆمار دەکا. پاش ساڵی ١٩٥٨ دەچێتەوە ئێران و، لەوێ لە ئێزگەکانی تاران و کرماشان و تەورێز کار دەکا. ساڵی ١٩٦٦ دەچێتە شاری بانە و پاشتر دەگوازێتەوە بۆ مەهاباد و لە کۆتای تەمەنیدا لە شاری شنۆ دەگیرسێتەوە.

حەسەن زیرەک لە ٢٦ی حوزەیرانی ١٩٧٢ بەهۆی نەخۆشی و لە سایەی دۆخێکی زۆر سەختدا بەبێدەنگی ماڵئاواییی لە ژیان کرد.

## میشێل فۆکۆ

حسێن قاسم – کەرکووک



میشێل فۆکۆ بە گرینگترین فەیلەسووفەکانی نیوەی دووەمی سەتەی بیست دەژمێردرێ، خەڵکی فەرەنسایە و لە ١٥ی تشرینی دووەمی ساڵی ١٩٢٦ لەدایک بووە.

نووسینەکانی فۆکۆ کاریگەریی زۆریان بەسەر بواری ڕۆشنبیرییەوە هەبووە، بگرە کاریگەریی بەسەر بوارەکانی زانستە مرۆڤینی و کۆمەڵایەتی و بوارەکانی تری تۆژینەوەی زانستیشەوە هەبووە.

ئەو لە مێژووی شێتیی کۆڵیوەتەوە و شیی کردووەتەوە لە کتێبی «مێژووی شێتی»دا، هەروەها کاری لەسەر بابەتەکانی تاوانکاری و سزا و هەڵسوکەوتی کۆمەڵایەتیی ناو گرتووخانەکان کردووە.

فۆکۆ ساڵی ١٩٧٨ لە ئێران وەک پەیامنێری تایبەتی دوو ڕۆژنامە کاری کردووە. نووسینەکانیشی لەبارەی ئێرانەوە، پاش ١١ی سێپتەمبەری ٢٠٠١، هاتنەوە مەیدان و بوونە جێی سەرنج بۆ تێگەیشتنی مێژوو و داهاتووی پەیوەندییەکانی ڕۆژئاوا و ئێران.

فۆکۆ لە ٢٥ی حوزەیرانی ١٩٨٤، بە نەخۆشیی ئێدز مرد.

# من و براكەم

ئا: تاتیانا – عەرەفە






ڕۆژی پێنجشـــەم، دایكم كەمێک ســـەرقاڵ بوو و، داوای لێم كرد چاوم لە برا بچووكەكەم بێ. ئەمەی دێ لەو ڕۆژەدا ڕووی دا .



دایكم خەریكی ئۆتووكردن بوو، براكەم هات و ویســـتی دەســـت بۆ ئۆتووەكە ببا، منیش هـــاوارم كرد: «نەكەی نەكەی، ئۆتووەكە دەستت دەسووتێنێ».



«ڕەنگە دەستت بسووتێنێ! با بچین تۆپێن بكەین!»



برا بچووكەكەم ویســـتی بە وایـــەری كارەبا یاری بكا، بانگم كرد: «نەكەی! وریابە! یاری بە هیچ شتێكی كارەبایی نەكەی»...



«لەوانەیە كارەبا بتگرێ، وەرە با بە میكانۆ گەمە بكەین!»...





ئینجـا برا بچووكەكەم چـووە لای چەكمەجەكان و دەیكردنەوە و دایدەخســـتن، منیش بانگم كرد: «نەكەی بـرا، وریابە یاری بە چەكمەجە و دەرگە مەكە...




چونكە لەوانەیە پەنجەت بكەوێتە بەریان و ئازارت پێ بگا، وەرە با بەئۆتۆمۆبیل وازی بكەین».



ئەوەندەی پـێ نەچوو، براكـــەم چیلكەی پاككردنـــەوەی گوێی دۆزییـــەوە و، خەریک بوو دەیبەیســـتایە گوێیەكانیـــەوە، منیش قیژاندم: «نەكەی برا، تەنیا دایكم دەزانێ گوێمان بەو چیلكانە پاک بكاتەوە...



چونكە لەوانەیە ئازار بەگوێـت بگەیەنی، وەرە با چیرۆكێكت بۆ بخوێنمەوە...



خێرا براكەم خۆی گەیاندە كتێبخانەكـــە و پیایدا هەڵگژا... منیش بانگم كرد: وریابە! بەكتێبخانەكەدا هەڵمەگژێ....



لەوانەیە بیخەی بەسەر خۆتا، وەرە با یاریی ڕێكخستنەوەی وێنە بكەین...



براکەم، چووە سـەر قەرەوێڵەکە و دەسـتی بـە بازبازێن کرد. منیش هاوارم کرد بەسەریا: وریابە لەسەر قەرەوێڵەکە بازبازێن مەکە... لەوانەیە بکەویتە خوارەوە و جێیەکت بشکێ، با بچین بۆ ناندین هەندێ شیرینی بخۆین...



لە ناندیندا، براکەم چاوبرسییانە شتی دەخوارد و، شیرینییەکی زۆری بە یەک جار دەپەسـتایە ناو دەمیەوە، بۆیە بانگم کرد: کاکە خواردنی زۆر مەپەسـتە ناو دەمت... لەوانەیە بخنکێی... بە ئارامی شت بخۆ و... کەی تێر بووی، من و تۆ خەریکی وێنەکێشان دەبین...



کاتێ خەریکی وێنەکێشان بووین، برا بچووکەکەم قەڵەمەکەی لە دەمی خۆی نا و ڕایکرد... بانگم کرد: براله شت مەخەرە دەمت و ڕا بکەی... لەوانەیـە بکەوی و ئەو شـتە بچـێ بەقوڕگتا... وەرە بـا بزانین دایە کێکەکەی ئامادە کردووە...



یەکسـەر براکەم بەرەو فڕنەکە ڕای کرد و خەریک بوو دەستی پێوە بنێ... هاوارم کرد: دەس لە فڕنە گەرمەکە نەدەی... لەوانەیە دەست بسووتێ، خۆت لە فڕنە دوور بگرە...



ئینجا براکەم ویستی بە کلیلەکانی تەباخەکە یاری بکا، منیش بانگم کرد: مەکە برا، هیچ کاتێ بـەو کلیلانە یاری نەکەی چونکە لەوانەیە غازەکە بەربێ و گشتمان بخنکێنێ...



براکەم پاکەتە شـقارتەیەکی دۆزییـەوە و کردیەوە، منیش هاوارم کرد: مەکە مەکە، یاری بە شقارتە مەکە...
لەوانەیە گڕ لە ماڵەکە بەردەی... وەرە با لە دەرەوە یاری بکەین...



لە جیاتی چوونە دەرەوە، براکەم دەرگەی کۆگەیەکی ماڵەوەی کردەوە و خەریک بوو لە ژوورەوە دەرگەکە لەسەر خۆی دابخا. منیش قیژاندم: وریابە، هەرگیز نەچیتە ناو ئەو کۆگەیانەوە چونکە لەوانەیە لەناوەوەدا گیر بخۆی... وەرە با بڕۆین، دایە چاوەنوارمانە بچینە بازاڕ...



لە مۆڵەکەدا، براکەم بەپێوە لەناو عارەبانەکە وەستا و دەیویست شتێک هەڵگرێ، زوو پێم گوت: ئەگەر لە ناو عارەبانەکەدا بەپێوە بوەستی لەوانەیە بکەوی... دانیشە و هەر چییەکت ویست بە من بڵێ دەتدەمێ...



بازاڕیمان کرد و لە ڕێی گەڕانەوەدا براکەم ویستی ڕابکاتە سەر شـەقامەکە و بەپێش ئۆتۆمۆبیلەکاندا بپەڕێتەوە، منیش هاوارم کرد: مەڕۆ... وەکو من بوەسـتە و دەسـتی دایە بگرە... ئەگەر نا سەیارەیەک لێت دەدا... من نامەوێ تووشی ئازار ببی...



کاتێ لەگەڵ دایکمدا خەریکی ڕێکخستنی ئەو کەرپەلانە بووین کە کڕیبوومان، براکەم کیسـەیەکی کرد بەسەری خۆیدا، هەر زوو بانگم کرد: وریابە، هەرگیز کیسـە بەسەر خۆتدا نەکەی، چونکە دەتخنکێنێ... وەرە دەرەوە...



لە ژووری دانیشتندا، من دانیشتم و ئەرکەکەم بەدایکم سپارد... گەلێک ماندوو بـووم... چاودێریکردنی منداڵێکی بچووک کارێکی زۆر سـەختە... بۆیە دایکم بەرامبەر بەم کارە پاداشتمی کرد و کیسەیەکی پڕ لە یاریی دا پێم... بەڵام ئەمە هەموو شتێک نەبوو...



ماچێکـی گەورەی برابچووکەکەیشـم دەسـکەوت، کە من زۆر خۆشم دەوێ...



# لە ئێوە پرسیار و لە ئێمەش وەڵام

زانیار عیسا – کەرکووک
ئەڵماس

هاورێی گۆوارەکەمان (کازیوە سەرباز) قوتابیی پۆلی هەشتی بنەرەتییە لە کەرکووک، پرسیارێکی ئاراستەی (حاجیلە) کردووە و دەڵێ:

ماوەیەکە هەست بە تەمبەڵی دەکەم و حەزم لێیە لە کەسانی دەوروبەرم دوور بکەومەوە؟ ئایا ئەمە نەخۆشییە؟ چی بکەم بۆ ئەوەی لەم دۆخە دەربچم؟

وەڵام: ئەمانە نیشانەکانی خەمۆکین لای هەرزەکاران، بۆیە هیچ ترست نەبێ و هەوڵ بدە بەم هەنگاوە سەرەتایی و سادانە بەسەر ئەم حاڵەتەدا زاڵ ببی.

نابێ ئەگەر تووشی کێشە بووی لەگەڵ برادەرانت، ئیتر لە برادەریی گشت کەسێک دوور بکەویتەوە، چونکە هاورێیەکی باشت هەر دەست دەکەوێ کە جێی متمانە بێ.

لەبیرت نەچێ قەڵەوی هۆکارە بۆ خەمۆکی، بۆیە بەردەوام مەشق و وەرزش بکە، وەک ڕێکردنی ڕۆژانە بۆ ماوەی ٣٠ خولەک.

خواردنی باش و تەندروست وەک سەوزە و میوە هاوکارن بۆ ڕەواندنەوەی خەمۆکی و خواردنی چەوریش بەپێچەوانەوە.

هەوڵ بدە کێشەکانت بخەیتە لاوە و بە کاری باش و خوێندنەوە خەمەکانت لەبیر خۆت ببەرەوە. بەردەوامیش لای جوان و گەشی شتەکان ببینە، نەک لایە تاریک و ناخۆشەکانیان، ئەگەر لە کارێکیش سەرکەوتوو نەبووی، دڵنیابە بە هەوڵ و تێکۆشانی بەردەوام هەر سەردەکەوی.



فەرهاد عەلی – حەسار

## سوودەکانی ماست

زۆربەمان ماست دەخۆین و چێژ لە تامە خۆشەکەی وەردەگرین، بەڵام ئاگامان لە سوودەکانی نییە، با پێکەوە شارەزای هەندێ لە سوودەکانی ماست ببین:

ماست چەوریی زیادی لەش دەتاوێنێتەوە. گەدە لە پاشەڕۆ خاوێن دەکاتەوە و بۆنی ناخۆشی دەم کەم دەکاتەوە. تووشبوون بە شێرپەنجەی کۆڵۆن کەم دەکاتەوە. پاڵەپەستۆی خوێن کەم دەکاتەوە. دژی هەوکردنە. ڤیتامینە پێویستەکانی تێدایە (بی١، بی٢، بی٣، بی٥، بی٦، بی١٢، ئەی، کەی).

ماست مادەی لاکتۆز باشیلسی تێدایە کە تەنە نەویستراوەکانی ناو ڕیخۆڵەکان لەناو دەبا و نێزیکەی ٨٥٪ی میکرۆبەکان دەکوژێ. هەروەها هەرسکردنی ئاسانە. پیری دوادەخا. پێست و چاو گەش دەکا. دژی سستی و تەمبەڵییە. دەمارەکان هێور دەکاتەوە.

## هێلکەی بەیانییان زۆر بەسوودە

سیروان عەولا– کەرکووک

توێژینەوە پزیشکییەکان ئاشکرایان کردووە کە خواردنی هێلکەیەک بە بەیانییان، یارمەتیی مرۆڤ دەدا بۆ بەرگەگرتنی ماندوویی و، کەمتر هەستکردن بە برسییەتی.

ئەو توێژینەوانە دەریان خستووە کە، لەبەرئەوەی هێلکە بڕێکی زۆر پرۆتینی تێدایە، یارمەتیی مرۆڤ دەدا هەست بە تێری بکا و، درەنگ برسیی ببێ.

ماوەتەوە بڵێین یەک هێلکە ٧٠ گەرمۆکەی تێدایە، لەگەڵ نێزیکەی ٦ گرام پرۆتین و، ٦ گرام چەوری و، نێزیکەی ١٨٦ ملیگرام کۆلیسترۆل.





# چوار ڤیتامینی بەسوود بۆ پرچت

کوێستان عەلی – ڕێدار

بەشی دووەم:

پسپۆرانی بواری پرچ ئامۆژگاریمان دەکەن گرینگی بەپرچمان بدەین و ڤیتامینە پێویستەکانی بۆ دابین بکەین، کە بریتین لە ڤیتامینەکانی (A، B Complex، E، ترشی فۆلیک)، لێرەدا بە ٤ بەش هەر جارە و باسی یەکێکیان دەکەین:

ڤیتامین B Complex: ئەم ڤیتامینە زۆر پێویستە بۆ پرچ بەتایبەتی و لەش بەگشتی و، ڤیتامینەکانی بی٦ و بی١٢ و بیوتین لەخۆ دەگرێ و سوودەکانی بۆ پرچ بریتین لە: کەمکردنەوەی وەرینی پرچ. کەمکردنەوەی سپیبوونی پرچ. درێژکردنی خێرای پرچ. بەخشینی گەشی و بریسکە بەپرچ.



# گەورەترین میوانداری لە مێژوودا

سوارە کازم–دووزخورماتوو

سەرچاوەکانی مێژوو ئەو میوانداریيەی لە ساڵی ٨٧٠ی پێش زاین لە شاری نەمروودی باکوری خۆرئاوای عێراق کراوە بەگەورەترین میوانداری لە مێژوودا دادەنێن، کە لە سەردەمی ئاشوور ناسرپالی دووەم بەبۆنەی تەواوبوونی نۆژەنکردنەوەی کۆشکەکان ڕێکخرابوو. میوانداریيەکە ١٠ ڕۆژی خایاندووە و ٦٩٥٧٤ کەس بەشدارییان تێدا کردووە، کە ٤٠ هەزاریان ئەو کرێکارانە بوون لە نۆژەنکردنەوەکەدا بەشدار بوون، لەگەڵ کارمەندانی کۆشک و ناودارانی شانشینەکە. لەو میوانداریيەدا ٥٠ هەزار ئاژەڵی گەورە و پەلەوەر و باڵندەی کێوی و ١٠ هەزار ماسی و ١٠ هەزار هێلکە و ١٠ هەزار شەربەی مەی بەکارهێنراوە.



# باڵەفڕ و باڵندە

شیراز ڕۆکان–سلێمانی

گەورەترین کێشە و ئاریشەی باڵەفڕ و باڵندەکانن، بەرکەوتنی باڵندەیە لەگەڵ باڵەفڕ، کە هۆکاری تێکشکانی دەیان فڕۆکە و مەرگی سەدان کەس بووە. زۆربەی ئەو ڕووداوانە لە کاتی هەستان یان نیشتنەوەی باڵەفڕەکان بووە، هەربۆیەش بەپێی ستانداردە نێودەوڵەتییەکان فڕۆکەوانی، نابێ لە دەوروپشتی فڕگەکان دارودرەخت و دارستان هەبێت. هەروەها زۆر جار لە دەوروپشتی فڕگەکان بەمەبەستی دوورخستنەوەی فڕندەکان وێستگەی تایبەتی پەخشە شەپۆلی ڕادیۆیی دادەنرێت

# پەڵە هەورێکی لەخۆبایی

کارزان کامەران – پەنجاعەلی






## هاوڕێیانی حاجیلە


پروشە شەماڵ


لەرین شەماڵ


هانا بەکر


یوسف بەرزنجی


سۆما بەرزنجی

## ١٠ مافەکانتان

نازنەبەز – ڕەحیماوە

کۆمەڵەی گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان لە ٢٠ی تشرینی دووەمی ساڵی ١٩٥٩دا ڕێککەوتننامەی مافەکانی منداڵانی بڵاوکردەوە و زۆربەی وڵاتانی دنیا دانیان بە ناوەرۆکی برگە و مادەکانیدا ناوە و عێراق یەکێکە لەو وڵاتانە.

«حاجیلە» بۆ ئاشناکردنی ئێوەی ئازیز بە ناوەرۆکی ئەم ڕێککەوتننامەیە، لە هەر ژمارەیەکدا ٣ مادەی ئەم ڕێککەوتننامەیەتان بۆ بڵاودەکاتەوە. تا بە ئاگا بن لە پێشێلکردنی مافەکانتان لە سنووری خێزان و کۆمەڵگە و دەوڵەتدا.

**مادەی ٢٥ :**

مافی منداڵە کە لە کاتی نەخۆشیدا سەردانی خولی بۆ نەخۆشخانەکان بکات و هەموو پێداویستییەکانی تەندروستیی بۆ ئامادەکرابێ، هەروەها پێویستە دەرگای مەڵبەندەکانی چاودێری و سەرپەرشتیکردنی منداڵ، بۆ منداڵان لەسەر پشت بێ.


**مادەی ٢٦ :**

دەبێ دەوڵەت مافی بیمە و دڵنیایی کۆمەڵایەتی بۆ منداڵان دابین بکا و ئەگەر نەشبێت، پێویستە کار بۆ دانانی یاسایەک بکات، کە ئەو مافانە بۆ منداڵان دەستەبەر بکا.

**مادەی ٢٧ :**

ئەرکی سەر شانی باوک و دایک یان یەکێکیانە کە هەلومەرجەکانی گەشەکردنی جەستەیی و هۆش و گیانی بۆ منداڵانی دەستەبەر بکا.






## ئۆزۆن

شیلان بەکر–قەڵادزێ

جۆرێکە لە
گازی ئۆکسجین. بەڵام لەجیاتی دوو گەردیلە O٢ لە سێ گەردیلە O٣ پێک هاتووە، ئەویش لە ئەنجامی هەڵمژینی تیشکی X و سەرووبنەوشەیی زیانبەخش کە لە خۆرەوە دێتە سەر زەوی، گازێکە لەو گازانەی بەرگەی هەوایان پێک هێناوە و، گازێکی جێگیر نییە و، بۆنێکی تیژی هەیە و، لە گازی ئۆکسجین چالاکتر و قورسترە، و بۆ پاککردنەوەی هەوا و ئاو بەکار دەهێنرێت.



## داهێنەران و داهێنان و وڵاتەکانیان


پشتیوان ئەحمەد – تەکیە


–ئەدیسۆن، کارەبا، ئەمەریکا.
– ئوتیس، ئاسانسەر، ئەمەریکا.
– ڕونگلی، تیشکی ئێکس، ئەڵمانیا.
– فرانگ ئەسبزیک، تراموای، ئەمریکا.
– گراهام بێڵ، تەلەفۆن، ئەمەریکا.
– برد، تەلەفزیۆن، سکۆتلەندە.
– فوکو، قیبلەنما، فرەنسا.
– گالیلۆ، گەرمیپێو، ئیتالیا.
– ڕۆبرت وانسن وات، ڕادار، ئینگلتەرا.
– لانگ، بیسەر پزیشکی، فرەنسا.

## جیهانی ئینتەرنێت

ماردین – سلێمانی

### سایتی یاری


www.cyberkids.com


www.marapets.com


www.zuma-online.org





# پێبکەنە تا جوانتر بیت

دلێر زەنگنە - کەرکووک

رۆژێک ژنێک جانتاکەی لێ ون دەبێت و دەچێت بۆ پۆلیسخانە.. ئەوانیش دەڵێن برۆ خەمت نەبێت، ئەگەر لەسەر ئەرز نەماندۆزییەوە، ژێر ئەرزی بۆ دەگەڕێین.. ژنە دەڕوات، پاش ماوەیەک دەبینێ کۆمەڵێ کرێکار لەسەر جادە زەوی هەڵدەکەنن، ئەچێتە لایانەوە و دەڵێت بەقوربانتان بم لەبیرتان نەچێت جانتاکەی من ڕەنگی سوور بوو..

کابرایەکی ڕەزیل دوکان دادەخا و، دەچێتەماڵەوە بۆ نانخواردنی نیوەڕۆ. لە سەر سفرەکە بە ژنەکەی دەڵێ: ژنەکە ئەمڕۆ هەر بە پارە گیانی کەسێکم ڕزگار کرد.. ژنەکەش وتی: شتی وا مەحاڵە بڕوات پێناکەم.. پیاوەکە وتی: کابرایەکی هەژار هاتە بەر دوکانەکەم و داوای ٢٥٠ دیناری لێم کرد منیش پێم نەدا، وتی ئەگەر بێت و ٢٥٠ دینارم بدەیتێ لە خۆشیا ئەمرم.. منیش نەمدا پێی، بۆ ئەوەی لە خۆشییا نەمرێ.

ڕۆژێکیان باوکێک لە کوڕەکەی دەپرسێت، کوڕم لە تاقیکردنەوەی مێژوودا چۆن بوویت؟ ئەویش دەڵێت: وەڵا بابە گیان زۆر قورس بوو.. هەموو پرسیارەکان هی کاتی پێش لەدایکبوونی من بوون.

## جوانترین توانج

بەهرۆز سەلام - سلێمانی





دیمانە

# ئاواتم ئەوەیە ببم بە دکتۆر

دیمانە: سۆما محەمەد-کەرکووک

ناوت: مریەم دڵشاد عەبدوڵڵا

تەمەنت: ١٠ ساڵ

پۆلی چەندی: ٤ی سەرەتایی بەدووەم دەرچووم.

قوتابخانە: قوتابخانەی خاکی بنەڕەتی-کەرکووک.

ئارەزووت: وێنەکێشان

ئاواتت: ئاواتم ئەوەیە ببم بە دکتۆر بۆ ئەوەی نەخۆش چاک بکەمەوە.

کاتەکانت چۆن بەسەر دەبەیت: لەگەڵ هاوڕێکانمدا وێنە دەکێشین و یاریی دەکەین.





## حەز دەکەم ببم بە مامۆستا

ناوت: زەینەب نەبیل

تەمەنت: تەمەنم ١٢ ساڵە.

پۆلی چەندی: شەشی بنەڕەتی

ئارەزووت: کۆمپیوتەر و مۆسیقا

ئاواتت: حەز دەکەم لە دوارۆژ ببم بە مامۆستا خزمەتی شارەکەم بکەم

کاتەکانت چۆن بەسەر دەبەیت: گۆڤاری مناڵان دەخوێنمەوە و یارمەتی دایکم دەدەم لە ئیش و کارەکانیدا.

دیمانە: نیمان زەنگنە
کەرکووک

### مژمژمەکەی ژمارە ٢٢

پاش ئەوەی چەند هاورێیەکمان مژمژەکەی ژمارە ٢٢ حاجیلەیان دۆزییەوە، بەرێگەی تیروپشک بەر هاوڕێمان ( ئیمان عەبدوالرەحمان ) پۆلی پێنجی بنەڕەتی لە قوتابخانەی بارزانی کەوت لە شارۆکەی چۆمان.

ئێمە وێڕای دەستخۆشی و پیرۆزبایی لێ دەکەین کە خەڵاتەکەی بردەوە.



# هەسارەکانی ناوەکی و دەرەکی

گزنگ - کەرکووک

فەلەکناسان هەسارەکانیان لە ڕووی دووری و نێزیکییان لە خۆرەوە، پۆلین کردووە و بەو هەسارانەی دەکەونە نێوان زەوی و خۆر (زەویشی لەگەڵدا بێت) دەڵێن هەسارەکانی ناوەکی یان هەسارەکانی ناوەوە.

ئەو هەسارانە بریتین لە عوتارد، زوهرە، مەریخ و زەوی. هەندێ جاریش بەهەسارەکانی زەوی ناودەبرێن، چونکە لە زۆر ڕووەوە لە زەوی دەچن.

زوحەل، موشتەری، ئۆرانۆس و نیپتۆن بەهەسارەکانی دەرەکی دادەنرێن، چونکە خولگەکانیان دەکەونە دەرەوەی خولگەی زەوی بەدەوری خۆردا، و بەوە دەناسرێنەوە کەوا هەسارەی قەبارە گەورەن و بەخێراییەکی زۆر بەدەوری خۆردا دەسووڕێنەوە. زۆربەشیان لە گاز و شلە پێکهاتوون و ڕوویەکی پتەویان نییە تاکو لە دواڕۆژ گالیسکە و کەشتییەکانی ئاسمانییان لەسەردا بنیشنەوە. تەنیا پلۆتۆ نەبێت، کە ڕووەکەی پتەوە و بریتییە لە سەهۆڵبەندانێکی فرەوان.

## سووڕانەوەی هەسارەکان

هاژان مەولوود-ڕانیە



عوتارد بە ٨٨ ڕۆژ بەدەوری ڕۆژدا دەسووڕێتەوە.
زوهرە بە ٢٢٤,٧ ڕۆژ بەدەوری ڕۆژدا دەسووڕێتەوە.
زەوی بە ٣٦٥,٢٥ ڕۆژ بەدەوری ڕۆژدا دەسووڕێتەوە.
مەریخ بە ٦٨٧ ڕۆژ بەدەوری ڕۆژدا دەسووڕێتەوە.
موشتەری بە ١١,٧٥ ساڵ بەدەوری ڕۆژدا دەسووڕێتەوە.
زوحەل بە ٢٩,٥٠ ساڵ بەدەوری ڕۆژدا دەسووڕێتەوە.
ئۆرانۆس بە ٨٤ ساڵ بەدەوری ڕۆژدا دەسووڕێتەوە.
نیپتۆن بە ١٦٤,٧٥ ساڵ بەدەوری ڕۆژدا دەسووڕێتەوە.
بلۆتۆ بە ٢٤٧,٧٥ ساڵ بەدەوری ڕۆژدا دەسووڕێتەوە.







# گەشتەکانی گۆلاڤەر

بەهرە جەبار - سلێمانی

گۆلاڤەر ، کاری هەمیشەیی درۆ کردن بوو ، من گەشتم بۆ ئەو شوێنە کردووە و من ئەو شوێنەم بینیوە ، بەلام تووشی ئەوە دەبێت بچێت بۆ سێگۆشەی بەرمۆدا ، ترسناکترین و پڕ نهێنیترین شوێن لەسەر گۆی زەوی .

هەر ئەوەندە کە کەشتییەکەی گەیشتە سنووری سێگۆشەی بەرمۆدا ، کەشوهەوا بەتەواوەتی گۆڕا و زریانێکی بەهێز هەڵدەکات ، کەشتییەکەی ژێر ئاو دەکەوێت ، بەلام گۆلاڤەر دەمرێت ؟ نەخێر بەلام ! خۆی بەبەستراوی دەبینێتەوە لە دوورگەی گرکنەکان ؟!

بەرهەمی ساڵی ٢٠١٠ داهات : ١٣٦ملیۆن دۆلار دەرهێنانی : ڕۆب لیترمان
نواندنی : جاک بلاک ، ئیملی بلۆنت نووسین : جۆناسان سویفت

## ١٧ تاقیگەی حاجیله

ناز کەریم- تەکیە







**هەنگاوی یەکەم** : دوو پارچە دراوی کانزایی بێنە و لەسەر پارچە کاغەزێکیان دابنێ.

**هەنگاوی دووەم :** پەنجەت بخەرە سەر یەکێک لە دراوە کانزاییەکان و بۆ ماوەی نیو خولەک بە خێرایی ڕاست و چەپ یان سەر و خوار لە کاغەزەکەی بخشێنە.

**هەنگاوی سێیەم :** هەردوو پارچە دراوەکە بخەرە سەر لەپی دەستت و بزانە کامیان لە کامیان گەرمترە؟

چی فێربووی؟

لە ئەنجامی لێخشاندنی پارچە دراوەکە لە کاغەزەکە، ئەو وزەیەی لە جوولەی پارچە دراوەکە خەرج دەکرێ، هەمووی دەگۆڕێ بۆ وزەی گەرمی و دەبێتە هۆی گەرمکردنی دراوە کانزاییەکە، بۆیە گەرمترە لەو دراوە کانزاییەی کە لە کاغەزەکە نەخشێنراوە.



## چە پەوانە ناودارەکانی جیهان

سەروین سادق- دووبز

١- بتهۆڤن دانەری موزیک (ئەڵمانیا).

٢- چارلی چاپلن ئەکتەری کۆمیدی و دەرهێنەر (بەریتانیا).

٣- لیۆناردۆ داڤینشی هونەرمەند و داهێنەر (ئیتالیا).

٤- جیراڵد فۆرد سەرۆکی پێشووی ئەمەریکا (ئەمەریکا).

٥- فۆن گۆتە نووسەر (ئەڵمانیا).

## ماڵداری

ئاشتی عەبدوللا - کەرکووک

- باشترین ڕێگە بۆ پاککردنەوەی بەردی ملوانکە و ئەنگوستیلەی زێڕ، بەکارهێنانی فڵچەی ددانە. بەردەکە بخەرە بەر ئاوەوە و فڵچەکەی بە توندی پێدا بێنە، پاش ماوەیەکی کەم بریسکانەوە و جوانییەکەی پێشووی خۆی وەردەگرێتەوە.
- ئەگەر سووراوەکەی خۆت یان دایک و خوشکەکانت شکا فڕێی مەدە، هەردوو سەرە شکاوەکەی کەمێک گەرم بکە و بەیەکەوەیان بنووسێنەوە، ئینجا لە ساردکەرەوە هەڵیگرە؟

## حەوت جاران بەبێ وەستان بیڵێرەوە

**لە چاوی چاوێکدا، چاوم بەچاوی چاوت کەوت**

ئەیوب عەلی - کەرکووک



چیرۆکی ژمارە

# شوانکارە هەژارەکە

سەوسەن محەمەد - کەرکووک

شوانێکی هەژار ناوی «سالار» بوو لەگەڵ «ساکار»ی خێزانی لە گوندێکی دوور بەتەنیا، خاوەنی دوو بزن بوو، لە کۆخێکی بچووکدا گشتیان بەیەکەوە دەژیان.

ڕۆژێکیان ڕەشەبایەکی بەهێز هات و، سالار نەیتوانی بچێتە دەرەوە. ئێوارەی ئەو ڕۆژی گوێی لە ترپەی پێی چەند ئەسپێک بوو، کە لە کۆخەکە سەری بردە دەرەوە، بینیی سێ پیاون، بەسواری ئەسپەکانیانەوە، خۆیان و ئەسپەکانیان تەواو ماندوو و شەکەتن.

ئەمیش یەکسەر بانگهێشتنیانی کرد بێنە ناو کۆخەکەیەوە و، یەکێ لە دوو بزنەکەی بۆیان سەربڕی... سێ پیاوەکە کە زانییان هەژارە ویستیان ڕێی لێ بگرن و نەیەڵن ئەو کارە بکا بەڵام ئەم کردی و، نانێکی باشی بۆیان دروست کرد و شەو باشترین نوێنی ماڵەکەی بۆیان ڕاخست و، بەیانیش بەباشترین شێوە بەڕێیانی خست.

بەڵام سێ پیاوەکە، پێش ئەوەی بڕۆن خۆیان بۆ سالار ئاشکرا کرد، یەکێکیان پاشای وڵات بوو ئەوەی تر سەرۆک وەزیران و ئەوەی تریش سەرۆکی دیوان بوو. ئینجا پاشا داوای لە سالار کرد بچێتە لای بۆ پایەتەخت بۆ ئەوەی پاداشتی بداتەوە.

پاش ماوەیەک، ساکار بە سالاری گوت بۆ ناچی بۆ لای پاشا بەڵکو شتێکمان دەداتێ و لەم ژیانی هەژارییە ڕزگارمان دەکا. ئەوەبوو سالار بەدڵێکی پڕ لە هیواوە بەرەو پایەتەخت چوو.

کە سالار گەیشتە کۆشکی پاشا، بە دەرگەوانەکەی گوت ڕێم بدە بچمە دیداری پاشا و، چیرۆکی خۆی بۆ گێڕایەوە. دەرگەوان لە وەڵامدا گوتی پاشا لە دۆخێکی زۆر خراپدایە و کوڕەکەی گەلێ ناساخە، هەوڵ بدە بەیانی بێیتە لای. سالاریش چووە سێبەری دارێکی نێزیک لە کۆشک بۆ ئەوەی لەوێ شەو بەسەر ببا. شەو سالار گوێی لە دەنگێک بوو، کە هەستی ڕاگرت، ئەوە پاشایە دەگری و دەپاڕێتەوە لە خوا دەردی کوڕەکەی چارەسەر بکا. لێرەدا سالار گوتی ئەوە من پەنام بۆ ئەم بێدەسەڵاتە بردووە چارەم بکا؟ وا باشە بچمەوە لای ژنەکەم منیش وەک پاشا لە خوا بپاڕێمەوە.






سالار گەڕایەوە و، کۆخەکەی بۆ شوێنێکی دوور گواستەوە و، کاتێ خەریکی هەڵکەندنی شوێنی بناخەی کۆخەکە بوو، پاچەکەی لە شتێکی ڕەقی دا، تەماشای کرد گۆزەیەکی پڕ لیرە و زێڕە، ئیتر بۆخۆی بەم زێڕ و لیرەیە دەوڵەمەند بوو.

لەولاشەوە، دەرگەوانەکە بە پاشای گوتبوو کە کەسێکە وا هاتبوو بۆ لای بەڵام گەڕابووەوە، ئیتر پاشا پیاوانی خۆی نارد بەدوا سالاردا بگەڕێن تا دۆزیبیانەوە. کە سالار برایە لای پاشا چیرۆکی ئەو شەوەی بۆی گێڕایەوە و، چۆن پشتی بەخوا بەستووە لەجیاتی پشتبەستن بە مرۆڤێکی تر کە هەرچەندە بەهێز بێ خاڵی لاوازی هەیە. ئیتر

## ئۆگەندا

٢٣






ڕۆشنا کەرکووکی - کەرکووک

ناوی وڵات: کۆماری ئۆگەندا

پێگـەی جوگرافیایی: ئۆگەنـدا دەکەوێتە کیشـوەری ئەفریقیا، سـوودان سـنووری باکوریەتـی، زائیـر و ڕوانـدا و تەنزانیـا دەکەونە ڕۆژئاوای، دەریاچەی ڤیکتۆریاش دەکەوێتە لای باشووری، لە ڕۆژهەڵاتیشی کینیایە.

ڕووبـەر: ٢٤٠ هـەزار و ١٣٩ کیلۆمەتـری دووجا.

ژمارەی دانیشتووان: ١٩ ملیۆن و ٦٠٠ هەزار کەس.

چڕیـی دانیشـتووان: ٩٧,١٪ کـەس لـە کیلۆمەترێکی دووجا.

پێکهاتەی ئاینی: ٣٣٪ کریستیانی کاتۆلیک، ٣٣٪ کریستیانی پرۆتستانت، ١٦٪ موسڵمان، ١٨٪ ئاینەکانی تر.

پایەتەخت: کەمپالا (٨٠٠ هەزار کەسی تێدا دەژی).

گرینگترین شـارەکانی: جینجا، ساسـاکا، ئەنتیبی.

جـۆری حوکم: سیسـتەمێکی سـەربازیی کاتی لە قۆناغی گواسـتنەوە بەرەو سـیتەمێکی پەرلەمانیی دیموکرات.

دراو: شیلینگی ئۆگەندی.

زمان: ئینگلیزی و زمانی سواحیلی.

گرینگتریـن هەناردەکانـی: لۆکـە، مس، قاوە، پێست، چای.

گرینگتریـن هاوردەکانـی: هۆکارەکانی گواستنەوە، کوتاڵ، کەرەستەی بیناسازی، خۆراک.

کات: گرینیتچ+ ٣.

مێـژووی بەئەندامبـوون لـە نەتـەوە یەکگرتووەکان: ١٩٦٢.

ڕیزبەندییەکانـی لـە جیهـان: هەشـتەم لە بەرهەمهێنانی قاوە.














## محەمەد عەلی کلای

مەحمود غەریب- تەقتەق



محەمـەد عەلـی کلای یاریزانی بۆکسـێنی ئەمەریکایـی لە ١٧ی کانوونی دووەمی ١٩٤٢ لەدایک بووە، سـەرەتا ناوی (کاسـیۆس مارسیلەس کلای جەی ئار) بوو. بەڵام ساڵی ١٩٦٥ بووە موسڵمان و ناوی خۆی نا (محەمەد عەلی).

لە ماوەی ٢٠ ساڵ یاریکردندا ٣ جار پاڵەوانیەتیی جیهانی لە کێشی قورس بەدەسـت هێنا و سـاڵی ١٩٩٩ نازناوی وەرزشـوانی سـەدەی پێ درا. خێرایی بۆکسـەکانی گەیشـتە ٩٠٠ کیلۆمەتر لە سـەعاتێکدا. سـاڵی ١٩٨١ لە تەمەنی ٣٩ساڵیدا وازی لە یاری هێنا.

محەمەد عەلی ٦١ یاریی کردووە و توانیویەتی لە ٥٦ یاری بیباتەوە (٣٧ جار بە لێدانی کۆتاهێن) و ٥ جار دۆڕاندوویەتی.

ئێستا تووشی نەخۆشیی ئیفلیجیی لەرزۆک هاتووە و لە ژێر چاودێریی پزیشکیدایە.

## یۆهان کرۆیف



شۆڕش فەتاح - کەرکووک

یۆهـان هنریک کرۆیف، یاریزانی هۆڵەندیی تۆپی پێ، لە ٢٥ی نیسـانی ١٩٤٧ لەدایک بووە و، باشـترین یاریزانی دنیا بوو لە ڕووی خێرایی و لێهاتوویی و لێدانی کەوانەیی لە ناوەوە و دەرەوەی ناوچەی سزاوە.

بەمنداڵـی ڕۆژانە بەدیواری یانـەی (لومیر)دا هەڵدەگژا بۆ ئەوەی سـەیری ڕاهێنانی تیمی ئەیاکس ئەمستەردام بکا. هیوای ئەوەی دەخواست ڕۆژێک بێ لـەو تیمە یاری بکا. جاروباریش لەگەڵ دایکـی، کە لە یانەکە پاککەرەوە بوو، دەچـووە یانەکە و لەگەڵ منداڵانی تردا یاریـی بەتۆپ دەکرد، تا ئەو ڕۆژەی یەکێ لە بەرپرسانی یانەکە چاوی بەیارییەکەی کەوت و هەستی کرد بەهرەی تێدایە. ئیتر لەو ڕۆژەوە، تەمەنی ١٠ ساڵ بوو، کەوتە دنیای تۆپێنەوە.

ساڵی ١٩٦٧ یەکەم یاریی لە ڕیزی گەورەکان کرد، لە بەرامبەر یانەی لیڤەرپول و توانیی پێشرەویی تیمەکەی بکا و ٥-٢ بیبەنەوە. ساڵی ١٩٧٣ کرۆیف چووە یانەی بەرشلۆنەی ئیسـپانی و لە یەکەم وەرزدا نازناوی خولەکەی بەدەست هێنا. لە سـاڵانی ١٩٨٨ تا ١٩٩٦ ڕاهێنەرایەتیی یانەی بەرشەلۆنەی کردووە و ٤ جار لەسەر یەک پاڵەوانیەتیی خولی بەدەست هێناوە لەگەڵ یەک پاڵەوانێتیی ئەورووپـا و، لە وەرزی ١٩٩٣-١٩٩٤ گەورەترین زەبری لە ڕیال مەدرید کاتێ بە ٥ گۆڵ بەرامبەر بە هیچ لێی بردەوە.

کرۆیف ٣ جار خەڵاتی باشترین یاریزانی ئەورووپای وەرگرتووە. لە ٤٨ یاریی نێودەوڵەتیـدا بۆ هەڵبـژاردەی هۆڵەندا ٣٣ گۆڵی کـردووە و ٣٣ جار کاپتنی هەڵبژاردەکە بووە. کۆی گۆڵەکانی ٢٩٦ گۆڵە.

# منـــداڵان بەرنامەیـــان بۆ پشـــووی هاوین چییە؟

دارا عوف – گەڕەکی کوردستان


**بۆ ئاگەداربوون لەوەی منداڵان پاش کۆتاییهاتنی ســاڵی خوێندن، بەتەمان لە پشووی هاویندا چی بکەن و، بەرنامەیان بۆ بەســـەربردنی کات لەم پشـــووەدا چییە، چاومان کەوت بەم هاوڕێ خۆشەویستانەی (حاجیلە):**



**ڕەیان جەبار** ، قوتابیی پۆلی پێنج لە قوتابخانەی (شــوان) لە شــارۆکەی ڕێدار، کە بۆ پۆلی شەشی بنەڕەتی دەرچووە، بە(حاجیلە)ی گوت: لەبەر ئەوەی شارۆکەکەی ئێمە هیچ شــتێکی لێ نییە کە منداڵێکی وەکو من خۆی پێوە ســەرقاڵ بکا، من لە پشووی هاویندا خۆم بەیارمەتیدانی دایکی خۆشەویســتمەوە خەریــک دەکەم کە بەدرێژاییی ساڵی خوێندن زۆر پێمانەوە ماندوو بوو.



**ئەڤیــن ئــاری،** پۆلــی ســێ، دەرچــووە بۆ چوار، لە قوتابخانەی (ئاراس) لە شــارۆکەی دووبــز، دەڵێ: لەبەرئــەوەی دایکــم بــاری تەندروســتیی زۆر بــاش نییە، بڕیارم داوە لە پشووی هاویندا لە کارەکانی ماڵەوە یارمەتیی بدەم، من هەرچەندە هێشــتا بچووکم بەڵام بەپێی توانای خۆم هاوکاریی دەکەم.



**محەمــەد جەبــار** ، پۆلی شەشــی بنەڕەتی، دەرچــووە بۆ حەوت، دەڵێ: لەبــەر ئــەوەی باوکــم زۆر مانــدووە بە ئێمــەوە، بڕیارم داوە لــەم هاوینەدا کەمێک لە ئەرکی سەر شانی سووک بکەمــەوە و تا پێم بکــرێ لە ماڵەوە و لــە دەرەوەی ماڵــەوەدا هــاوکار و یارمەتیدەری دەبم.



**ژینەر فەرمان** ، قوتابیی پۆلی چــواری بنەڕەتــی، دەرچووە بۆ پێنج، دەڵــی: من زۆر حەزم لــە گەشــت و ســەیرانە، بۆیە لەم پشـــووەدا داوا لە باوکم و دایکم دەکەم، کە هەردووکیان مامۆســتان و ئەوانیش وەک من لە پشـــوودان، زۆرترین گەشــت و گەڕانــم پێ بکەن.



**چۆپــی ئیســماعیل**، پۆلــی دووی بنەڕەتییە لە قوتابخانەی فێنــک، دەرچــووە بــۆ ســێ، دەڵــێ: من زۆر حەزم لە یارییە لەگەڵ برادەر و دراوســێکانم، بەتایبەتی کچە مامەکانم، بۆیە بڕیارم داوە پشـــووی هاوین بە یاریکردن لەگــەڵ ئەوان بەسەر ببەم لە ماڵی نەنکم.



**یوســف جەبــار**، پۆلــی یەکــی بنەڕەتــی، دەرچووە بــۆ دوو، دەڵێ: مــن بڕیارم داوە لــە وەرزی هاویــن، لە کاتــی پشــوودا، زۆربــەی کاتی خــۆم بەیاریکــردن بە (پلەی ستێشــن) بەسەر ببەم، چونکە هیچ شــتێکی تر نییە خۆمی پێوە ســەرقاڵ بکەم و هێشــتا منداڵیشم توانای هاوکاریکردنــی باوکــم نییە.



**ئەحمەد ســەلاح**، پۆلــی یەکی بنەڕەتــی، دەرچووە بــۆ دوو، بە(حاجیلــە)ی گــوت: مــن زۆر حەزم لە وەرزشــە، بەتایبەتی لە تۆپــی پــێ، بۆیە بڕیــارم داوە لە پشـــووی هاویندا هەموو ڕۆژێک لەگــەڵ منداڵانــی گــەڕەک یاریی تۆپێــن بەیەکەوە بکەیــن و، کاتی خۆمانی پێوە بەسەر بەرین.

پۆلــی دووی بنەڕەتییــە لــە قوتابخانــەی فێنــک، دەرچــووە بۆ ســێ، دەڵێ: مــن زۆر حەزم لــە یارییــە لەگــەڵ بــرادەر و دراوســێکانم، بەتایبەتــی کچە مامەکانم، بۆیــە بڕیارم داوە پشووی هاوین بە یاریکردن لەگەڵ ئەوان بەسەر ببەم لە ماڵی نەنکم.



**ئایــە ســەلاح**، پۆلــی دووی بنەڕەتییــە، دەرچــووە بۆ ســێ، بە(حاجیلــە)ی گــوت: لە پشـــووی هاویندا هــەوڵ دەدەم زۆرترین کاتی خۆم بۆ وێنەکێشــان تەرخــان بکەم، چونکە ئارەزووی سەرەکیم وێنەکێشانە، بێگومان جاروباریش لەگەڵ منداڵانی گەڕەک وازی دەکەم.

## مریشک و سەگی بەوەفا

هیوا عوف – گەڕەکی کوردستان



مریشکێک لە گوندێک هەبوو، کۆمەڵێ جووجکی هەبوو. ڕێوییەکیش هەبوو دەهات بۆ گوندەکە و جووجکی ئەو مریشکەی دەخوارد.
ڕۆژێکیان سەگێکی ماندوو و هیلاک، هات بۆ ئەو گوندە، زۆر تینووی بوو. مریشکەکەش کە سەگەکەی بەو حاڵەوە بینی، یەکسەر ڕۆیشت ئاوی بۆی هێنا و لە پەنایەک جێی کردەوە تا تەواو حەسایەوە و ماندوویەتیی نەما.
پاشان سەگەکە بە مریشکەکەی گوت: «مادام ژیانی منت لە مردن ڕزگار کرد، چیت دەوێ بۆتی دەکەم».
مریشکەکەش گوتی: «یەک کێشەم هەیە، ئەویش ئەوەیە کە ڕێوییەک هەیە هەموو جار جووجکەکانم دەخوا».
سەگەکەش گوتی: «خەمت نەبێ، بەس چیم پێ گوتی بەقسەم بکە»!
مریشکەکەش گوتی: «باش!»
سەگەکە پێی گوت: «تۆ بڕۆ بۆ لای ڕێوییەکە، با دواتبکەوێ، منیش لە پشت دارێک خۆم دەشارمەوە، تا دەگەی پێم!»
مریشکەکە ڕۆیشت بۆ لای ڕێوییەکە، ڕێوییەکەش دوای کەوت، تا مریشکەکە گەیشتە لای دارەکەوە و، سەگەکەش پەلاماری ڕێوییەکەی دا، ڕێوییەکە زۆر ترسا و هەڵات و جارێکی تر نەگەڕایەوە ئەو ناوە.
مریشکەکە سوپاسی سەگەکەی کرد و ئیتر ژیانی بەخۆشی بردە سەر.



## کوردستان

شۆخان مەخمووری-پۆلی ٩ی بنەڕەتی-قوتابخانەی چرا-مەخمور

کوردستان وڵاتی شیرینم
جێی حەسانەوەم، نیشتمانی دێرینم
سەرچاوەی عەشق و ژینم
خۆشەویستم، ئەوینم
تۆی خۆشی گەلی کوردان
تۆی ژیانەوەی لاوان
بەتۆوە زۆر سەربەرزم
ئەی بەهەشتی سەر ئەرزم





## ئازاد و بڕوا

هاورامان ڕزگار/ تەمەن ١٣ ساڵ

هەبــوو نەبوو کــەس لەخوا گەورەتر نەبوو، ئــازاد و بڕوا دوو هاوڕێــی زۆر زیرەک و ڕەوشت جوان بوون، هەردەم بە یەکەوە یارییان دەکرد.
ئازاد و بڕوا ماڵیان لە قوشتەپە بوو، ماڵی بڕوا بڕیاریان دا بۆ هەولێر بچن، ئازاد زۆری پێ ناخۆش بوو، کە بڕوا بۆ هەولێر دەڕوات. ئازاد بەڕێگەوە بوو بۆ بازاڕ. بینیی بڕوا بۆ هەولێر دەڕوات. ئازاد هاواری کرد بڕوا ڕاوەستە ئیشم پێتە.
باوکــی بڕوا ئۆتۆمبێلەکەی ڕاوەســتاند، بڕوا دابەزی بۆ لای ئازاد چوو، ئازاد وتی بــڕوا تۆ بۆ ئێرە دەگەڕێیتەوە، بڕوا وتی بەڵــێ من دێمەوە. ئازاد زۆر دڵی خۆش بوو، وتی: منداڵە خۆشەویســتەکان ئەگەر ئێوەش هاوڕێیەکتان هەبوو وەکو بڕوای هاوڕێم باش بێت، با هاوڕێیەتییان تا سەر ئێسقان بێت. ئازاد دەڵێ وەکو وتویانە: (هاوڕێی باش لەبرا باشترە).







## ئەنکیلۆسۆر

ئەم دایناسـۆرە لە (تانک) دەبابە دەکات، سەر و مل و پشــت و کلکی یەک پارچە ئێسقانی دەرپەڕیون. کلکی لە شـێوەی کوتەکە. ئەم جۆرە دایناسۆرە بەر لە نێزیکەی ٦٧ ملیۆن ســاڵ لــە ئەمەریکا و کەنەدا و بۆلیڤیــا ژیاوە. درێژییەکەی نزیکــەی ١٠ مەتر بووە. بەرزیشــی نزیکەی ١,٥ مەتر. قورسایی گەیشتووەتە ٤ تۆن. دوو پێی دواوەی لەوانەی پێشــەوەی درێژتر بوونە، ملی کورت و ســەری پــان و بچووک بووە، دەمی لە شـێوەی دەنووک بــووە و بێ ددان بووە. بە دارســتانەکاندا دەگەڕاوە و ژیانی لەسەر گیا و گوڵ بووە.

کەریم مەلا عەلی – سلێمانی سەرچنار




## مێش

مێروویەکــی چکۆڵــەی باڵــدارە، زۆر جۆری هەیــە، بەڵام ئەوەی ئێمە مەبەســتمان مێشــی نێو ماڵە کە بەســەر شــتی پیس و شــیرینی و بەرماوەوە دەنیشێتەوە و میکرۆب و شتی پیس بە قاچەکانیەوە دەنووســێن و دەگوێزرێنەوە، مــرۆڤ تووشــی نەخۆشــی دەکات لەوانــە (دیزانتریا، ڕشــانەوە، تیفۆئید، سوورەتا). مێش ســی ڕۆژ دەژی، مێیینەکانیــان ١٥٠ تــا ٣٠٠ گەرا دادەنێن، نــەوەی یەک مێش، ئەگەر بمێنن، لە ماوەی شــەش مانگدا ژمارەیان دەگاتە پێنج ترلیۆن و لە سەعاتێکدا ٤ میل دەبڕن.

کوردۆنیا کارۆخ – عەربەت

## مشک

میران جەمال – کانی شەیتان



لە گیانــدارە قرتێنەرەکانە، دوژمنێکی سەرســەختی دەغڵ و دانە، لە ســاڵێکدا ٦-١٠ جــار دەزێ و، هەر جارەش ٦-١٠ بەچکەی دەبێت، مێیەکانیان لە تەمەنی ٣ و ٤ مانگیدا توانای زاوزێ کردنیان هەیە، لە ماوەی ٣ هەفتەدا دەزێن، مشــک زیرەکییەکی بێ ئەندازەی هەیە، زۆر جــاران بەچکەکانی فێر دەکات چۆن خۆ لە تەڵە بپارێزن.



## شیر لە نەخۆشی دەمانپارێزێ

شێرکۆ مەحمود- کەسنەزان

شـــیر گرینگترین خۆراکە بۆ مرۆڤ و، ڤیتامینەکانـــی بی٢، بـــی٣ و بی١٣ و دی و تیامین و نیاسین و کالسیۆمی تێدایە.
شـــیر گەلێک گرینگە بۆ پاراستنی ئێســـکەکانمان لە منداڵی و لـــە پیریدا. هەروەها بەهۆی هەبوونی مادەی بیوتین شیر شـــانەکانی دەمار و مۆخی ئێسکەکانمان دەپارێـــزێ. هەبوونی کالســـیۆمیش ددان و پووکمان دەپارێزێ.
هەبوونی ترشی پانتۆتنیک و مادەی سیانۆکۆبلامین لە شیردا لەش چالاک دەکا و لە هەندێ جۆری کەمخوێنی دەمانپارێزێ و، رێ لە کەڵەکەبوونی چەوری لەناو زراو دەگرێ. هەروەها شـــیر هاوکارە بۆ چاککردنەوەی خانەکانی لەش و گەیشتنی ئۆکسجین بە پێست و نینۆک و پرچ.



## سپڵ

جەزا جەلال-چەمچەماڵ

تەنێکی توند و رەقە رەنگی سووری تۆخە، کەوتووەتە لای چەپی سەرەوەی سکەوە، لە پشتی گەدەوە، درێژیی ١٢سانتیمەترە، لە شانەی لیمفاوی پێک هاتووە، کاری سەرەکیی بریتییە لە بەرهەمهێنانی شلەی لیمفاوی ودژە تەنی بە میکرۆب و رێکخستنی ژمارەی خرۆکە سوورەکان لە سووری خوێندا. توخمی ئاسنیش عەمبار دەکات، هەندێک جار لە ئەنجامی بوونی نەخۆشییەک لە لەشدا، سپڵ دەئاوسێت یاخود تووشی خوێن بەربوون دەبێت، ئەویش بەهۆی نەخۆشیی کەمخوێنییەوە و، بەهۆی کەمبوونەوەی رێژەی ئاسنی عەمبارکراوی ناو سپڵەوە.

## گرینگیی راستکردنەوەی ددان!

پێکەنین دەروازەی مرۆڤە بەرووی خەڵکی تردا و، جوانیی پێکەنینیش پەیوەستە بە ددانی سپی و رێکەوە. بۆیە پزیشکان پێیان وایە کە پێویستە ئەو کەسانەی ددانەکانیان رێک نین راستیان بکەنەوە.
راستکردنەوەی ددان لە هەوڵی شاردنەوەی ددانە نارێکەکانمان رزگارمان دەکا و ئیتر پێویست ناکا لە کاتی پێکەنین دەستمان لەسەر دەممان دابنێین یان هەوڵ بدەین پێنەکەنین.
هەروەها ئەگەر ددانەکانی مرۆڤ رێک بن، ئەوە خواردنیش بەشێوەیەکی رێک دەخوا و جوانتر دەیجوێ و، بەمەش زیاتر سوودی لێ وەردەگرێ.
راستکردنەوەی ددان وا دەکا ددانەکان لە شوێنی دروست و گونجاوی خۆیاندا بن و، بەمەش ئاسانتر پاک دەکرێنەوە و پاشماوەی خواردن لە پێچ و پەناکانیاندا گیر ناخوا، کە دەبێتە مایەی کۆمەڵبوونی بەکتیریا و تێکدانی ددان و شانەکانی دەوروبەری و لە کۆتاییدا دەبێتە هۆی لەدەستدانی ددانەکان.
لە هەموو ئەمانەش گرینگتر، ئەو کەسەی ددانەکانی رێک بن بەشێوەیەکی رێک وشە و پیتەکان دەردەبڕێ، کە ١٨ پیت هەن دەربڕینیان پێویستی بە هەبوونی ددان هەیە.



دیلان حسێن- هەولێر



## پشووی حاجیلە

کوردستان محەمەد - ئازادی



## هەڵیبێنە

تەختی شین، پاشای زێڕین
تا بیبەخشیت زیاد دەکات
- خانووی سپی بێ دەرگا
قسە دەکا و دەمی نییە
یەک سەری هەیە و هەزار پێ

## ئایا دەزانی؟



- قەوزەکان رووەکی یەک خانەیین.
- حوشتر بەبێ ئاو دەتوانێت ٦٠ کیلۆمەتر ببڕێت.
- ئەدیسە نێوی کۆنی ئۆرفەیە.
- هیتلەر ساڵی ١٩٤٥ خۆی کوشت.
- لە وڵاتە عەرەبەکاندا سوودان زۆرترین رووبەری هەیە.

## پەندی بەرینان

### بەم وشەگەلە ئەم پەندانەی خوارەوە تەواو بکە

**مشک، تیر، بەهار، منارە، مشک .**



ئەوی لە ........ بێ هەمبانە درە.
ئەوی .......بدزێ کیفیشی بۆ دەکا.
بە گوڵێک......... نایەت.
......... ئەخا و کەوان دەشارێتەوە.
قەیسەری لێ بووە بە کونە.........

# وەڵامی ڕاست هەڵبژێرە

یاد کەماڵ – سلێمانی

درێژیی شوورەی چین چەندە؟
- ٤٤٠٠کم
- ٣٤٠٠کم
- ٢٤٠٠کم

بەغدا لە سەردەمی ئەبو جەعفەری مەنسووردا دروست کرا.
- ساڵی ٨٦٥
- ساڵی ٧٦٥
- ساڵی ٦٦٥


ڕۆژنامەی هاوکاری لە بەغدا دەرچوو
- ١٩٥٠/١/٩
- ١٩٦٠/١/٩
- ١٩٧٠/١/٩

ئێران پێکهاتووە لە:
- ٤٤ پارێزگا
- ٣٤ پارێزگا
- ٢٤ پارێزگا

مراوی بە چەند ڕۆژ هێلکە هەڵدێنێ؟
- ٤٦ ڕۆژ
- ٤١ ڕۆژ
- ٣٦ ڕۆژ.

# بمڕەنگێنە

بەسۆز جەبار – سلێمانی




# ڕەنگەکان

هیوا جەباری–لەیلان

ڕەنگی سەرەکی هەن، کە هەموو ڕەنگەکانی تریان لێ پێکدێن، ئەگەر دەیزانیت سەرو بازنە بە دەوریاندا بکێشە.

شین، پرتەقاڵی، کەوەیی، سوور، سەوز، مۆر، خاکی، زەرد، وەنەوشەیی.



# ڕامان

نەشمیل یاسین–چەمچەماڵ

لەم دوو خشتەیەدا ژمارەی نادیار چەندە؟

A

| | | |
|---|---|---|
| 4 | ؟ | 5 |
| 8 | 0 | 7 |
| 3 | 9 | 3 |

B

| | | |
|---|---|---|
| 6 | 11 | 4 |
| 5 | 7 | 9 |
| 10 | ؟ | 8 |




# من چیم ؟

خوسرەو قاسم – کفری

گیانداریکی شـیردەری گۆشتنم، شـێوەم لە پڵنگ دەچێت، هەسـتێکی بەهێزم هەیـە و چاوەکانم لە ڕووناکییەکی کەمیشـدا زۆر تیژن، ١٨ پەنجەم هەیە، هەر دەسـتێکم ٥ پەنجە و هـەر قاچێکم ٤ و لە پەنجەکانمدا چڕنووک هەن لە کاتی پێویسـت بەکاریان دێنم. جەستەم نەرمە، نزیکەی ٥٠٠ ماسوولکە و ٢٣٠ ئێسکم لە لەشـدا هەن، پشتم ٥٠ بڕبڕەیە. لە میسـرەوە بۆ ئەوروپا و خۆرهەڵاتی نزیک تەشەنەم کردووە و ١٤ تا ٢٠ ساڵ دەژیم. ئێستە دەزانن من چیم.


# قۆناخ بە قۆناخ وێنە بکێشە

شەماڵ جەلال – کەرکووک




# ئەم پیتانە بگەیەنە

باوکی پروشە – سلێمانی



# چاوتیژی

شیلان بەکر – ڕەحیماوە



جوان لەم وێنەیە وردبەرەوە و بزانە وێنەی پشیلەیەکە و سەری قووت کردووەتەوە، یان وێنەی سەر دەستکێشێکە و لەدەستکراوە!

# ڕێکخستن

وریا ناسیح–ئاغجەلەر

| | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ە | پ | و | خ | و | خ | پ |

ئەم پیتانە ڕێکبخە ، ناوی گوندێکت لا ئاشکرا دەبێت ، بە تەنیشت گوندی یاخیان .

## شتە سەیرەکان

بێستوون ئەنوەر-ئەڵڵایی

- مار بەهۆی زمانیەوە بۆن دەکات.
- هەنگ پەنجا چاوی هەیە.
- هەڵۆ ١٠٠ ساڵ دەژێ.
- خێرایی ماسیی توونە ١٦٠ کیلۆمەترە لە سالێکدا.
- داڵ دەتوانێت ٤٠ کیلۆمەتر بڵند ببێتەوە.
- خێرایی باز ٣٧٠ کیلۆمەترە لە سەعاتێکدا.
- فیل ڕۆژانە ٢٠٠ لیتر ئاو دەخواتەوە.
- نێرەی مێشوولە لەپاش جووت بوون دەمرێ.

## شیکاری

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| | = | 4 | + | 2 |
| | = | 5 | - | 9 |
| | = | 7 | + | 6 |
| | = | 9 | - | 15 |
| | = | 2 | + | 2 |
| | = | 8 | + | 5 |
| | = | 2 | - | 3 |
| | = | 5 | + | 5 |


| | | |
|---|---|---|
| 10 | = | ه |
| 6 | = | خ |
| 13 | = | ژ |
| 4 | = | ا |
| 1 | = | ز |
| 3 | = | ە |

تانیا وەلی - چەمچەماڵ

ناوی ناوچەیەکی زۆر جوانی کوردستانە،


## دووبارەبوونەوەی وێنە

دلێر زەنگنە - کەرکووک



## نیوەکەی تری تەواو بکە


دلێر کەرکووکی - کەرکووک





## بمگەیەنە

لێوژە بەهرۆز - سلێمانی





## شرۆڤە

ڕەوا عوسمان دەروێش
کەرکووک

خواردنێکی کوردەوارییە، ناوەکەی لە سێ وشەی (تورکی، فارسی، ئینگلیزی) پێک دێ. یان لە دوو وشەی (تورکی، کوردی). تەنیا کوردیش وای پێ دەڵێ. بۆ زانیاری: مانای وشە بێگانەکان (ڕەش، کەر، پیاو) دەگەیەنێ ئایا دەتوانی بە کەمترین ماوە ناوی ئەو خواردنە کوردەوارییە بدۆزیتەوە.

## وەڵامی ژمارەی پێشوو

ل٣ مەتەڵ : سێبەر

ل٣٠ ڕامان : ٥ ، ٩

ل٣١ من چیم : کەنگەر
ڕێکخستن : سوێسکە

ل٣٢ شیکاری : هەورامان

ل٣٣ شرۆڤە : خوارزا .

ل٣٤ شقارتە :تەڵێک لە ٩یەکە دەخەیتە سەر ٦ـەکە، دەبێتە ٨٠-٣٠.
گەیاندن : قەلەباچکە.

ل٣٦ کوێرکردنەوە :گا .
وشەی بزر :سنە .

ل٣٧ خەڵات :کانی .

ل٣٨ بیـــرکاری : تێکـــڕای خێرایی یەکســـانە بە کۆی هـــەردوو خێرایی دابـــەش دوو و، دەکاتە ( ٤٩ کیلۆمەتر لە سەعاتێکدا).

## ئەزموون

دایکی کانی - کەرکووک


بزانـــە ئاســـتی ڕۆشـــنبیریت چەندە؟ هـــەر پرســـیارێک ١٠ پلەی لەسەرە و، کۆی پرسـیارەکان دەکاتە ١٠٠.

- چ گیاندارێکی شیردەر دەفرێ؟
- بەتەمەنترین گیاندار کامەیە؟
- قاهیرە پایەتەختی چ وڵاتێکە؟
- شاری قەندەهار لەکوێیە؟
- چیای هەڵگورد ســـەر بە چ پارچەیەکی کوردستانە؟
- زێری ڕەش چییە؟
- هەژاری موکریانی خەڵکی چ شارێکە؟
- یەک مسقاڵ چەند گرامە؟
- کێ ڕادیۆی داهێنا؟
- چ ڕۆژێ جەژنـــی کرێکارانـــی جیهانە؟

# یاری شقارتە

ڕۆژ دلێر – ئازادی

جێگۆڕکێ بە یـەک تەڵە شـقارتە بکە تا ئەنجامی هاوکێشەکە بکاتە پەنجا










# هێماکانی هاتوچۆ

دلێر کامەران – کەرکووک

# گەیاندن

ئەم هێڵانــە بگەیەنە، لات پەنی دەبێت بــۆ یەکەمین جار کێ بۆمبی ئەتۆمی دروست کرد؟

تریفە عەبدولقادر
کەسنەزان











پروشە جەبار – سلێمانی





# جێگۆڕکێ


خونچە عەبدل – دارەتوو

جێگۆڕکــێ بــە دوو ژمارە بکە تا بە ســتوونی و ئاسۆیی کۆی ڕیزەکان بکاتە ٢١

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| 1 | 6 | 4 | 5 | 3 | 2 |
| 5 | 2 | 3 | 4 | 1 | 6 |
| 2 | 3 | 6 | 1 | 5 | 5 |
| 4 | 1 | 5 | 2 | 6 | 3 |
| 6 | 4 | 1 | 3 | 2 | 4 |
| 3 | 4 | 2 | 6 | 5 | 1 |

# ئاوێنە

دینا دیار – کەرکووک



# نیشانەی هەڵە یان ڕاست

## لەم ڕستانەی خوارەوە بدە

هێلین هیدایەت–پردێ


- دیمەشق کۆنترین شارە لە جیهاندا.
- شەوی یەلدا درێژترین شەوی ساڵە.
- ماسیی مردارەوەبوو دەخورێت.
- پیرەمێرد ناوی ڕاستی تۆفیقە.
- مریشک بە ٢١ ڕۆژ هێلکە هەڵدێنێ.
- مار نابیستێ.
- گالینوس پزیشکێکی بەنێوبانگی ڕۆمانی بوو.
- ژمارەی ددانی شیریی منالێ ٢٠ دانەیە.
- چیای هندرێن لە باشووری کوردستانە.
- وان شارێکە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان.

# سێبەر

دیار – کەرکووک

سـێبەری ئەم پزیشـکە تۆرەیە ونبووە، دەتوانیت بیدۆزیتەوە ؟





# کوێرکردنەوە

فەرمان نەریمان – تاسلوجە

| | | | | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ه | ڤ | د | ێ | ر | ا | ی | ه | ن | ■ | ێ | ه |
| گ | ت | ی | ر | و | ا | ن | ه | وو | ش | ێ | ه |
| ێ | ۆ | ی | ر | و | ل | ن | س | ■ | س | ێ | ه |

پاش ئەوەی پیتی ئەم ناوی کچانە کوێر دەکەیتەوە، ناوێکی کچانەت بۆ دەمێنێتەوە و لە هەمان کاتدا میوەیەکی خۆشیشە.( هێشوو، هەناو، هەوری، ترێ، شنۆ، هێڤی، دێرین. )



## هونەری دەست

شەماڵ شوکور
کەرکووک

## وشەی بزر

داستان محەمەد-چەمچەماڵ

پیتەکانی ئەم وشـــانەی خوارەوە بسڕەوە، گردێکت بۆ دەردەچێت لە سلێمانی کە خەرمانەی مانگە:

سەربڵند، سیامەند، سەرچڵ، سامرەند، سەردەشت، سەربەند، سەربەرز، سۆران، سمکۆ، سۆرین، ساکۆ، سینۆ، سۆکار.

| | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| د | ن | ه | ب | ر | ه | س | ا | س |
| ■ | و | س | ن | س | س | ر | س | ی |
| ز | ۆ | ۆ | ی | ا | ی | ا | ه | ا |
| ر | ک | ر | ر | ک | ن | ک | ر | م |
| ه | م | ا | ۆ | ۆ | ۆ | ۆ | چ | ه |
| ب | س | ن | س | س | ن | س | ڵ | ن |
| ر | ت | ش | ه | د | ر | ه | س | د |
| ه | د | ن | ه | ر | م | ا | س | ی |
| س | ه | د | ن | ڵ | ب | ر | ه | س |




# خەڵات

ئەو شتە چییە لە ئاو دەردەهێنرێ و، کە دەیخەیتەوە ئاو نامێنێ.

؟

دوا دەلیقە ٦/٢٥



## گوتەی نێوداران

ڤالا نووری – هەولێر

- حەز دەکەی لە ڕامیاری بزانی مێژوو بخوێنەرەوە. — هۆگۆ
- کورتترین خۆشی لە هەموو خۆشییەک خۆشترە. — فارکیۆهار
- ڕاستی و شەکر هاوڕێن. — دانیال دیغو
- هاوڕێیەتی لەگەڵ ئافرەتدا، دراوسێی دڵدارییە. — مۆر
- نێوبانگ بەری تێکۆشانە. — ڕیڵندز

## ئەمانە بزانە

- عێراق لە ١٩٩٠/٨/٢ کوێتی داگیر کرد.
- بورجی ئیڤل ساڵی ١٨٨٧ لە پاریس دروست کرا.
- لە ١٩١٢/٢/١٢ کۆماری چین دامەزرا.
- لە ١٩٣٧/٣/٣ شۆڕشی دەرسیم دەستی پێکرد.
- لە ١٩٢٢/١١/١٨ شێخ مەحموود بووە مەلیکی کوردستان.
- لە ١٩٤٥/٦/٢٦ UNدامەزرا.
- باتاڤیا ناوی کۆنی هۆڵەندەیە.
- باکوری کوردستان ٢١ پارێزگەیە.
- درێژیی پەنکریاس ٢٠سمە.

ڕووبار میرزا-خورماتوو

## سۆدۆکۆ

هیوا عەلی-چەمچەماڵ

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| | | | 4 | | 5 |
| 1 | | | | | |
| | 4 | | | 5 | |
| | 6 | | | 3 | |
| | | | | | 3 |
| 5 | | 6 | | | |

تۆڕی سۆدۆکۆ پێکهاتووە لە ٣٦ چوارگۆشەی بچووک و ٦ لاکێشەی گەورە. ئەوەی پێویستە لێرە لەسەر تۆ چوارگۆشەکان بەژمارە ( ١-٦ ) پڕبکەیتەوە بەمەرجێک هیچ ژمارەیەک لە ڕیزی ئاسۆیی و ستوونیی لاکێشەکاندا دووبارە نەبێتەوە.

# بیرکاری

سامان تاهیر-کەرکووک

× ژمارەیەک بنووسە کە لە سێ ڕەنووس پێکهاتبێ.
× پێچەوانەی هەمان ژمارە بنووسە.
× ژمارە بچووکەکە لە ژمارە گەورەکە دەرکە.
× ئەنجامی لێدەرکردنەکە پێچەوانە بکەوە.
× ئەنجامی لێدەرکردنەکە لەگەڵ پێچەوانەکەی کۆبکەرەوە.
× هەمان شت بۆ چەند ژمارەیەک دووبارە بکەرەوە.
×چیت بۆ دەردەکەوێ؟
× لە هەموو جارێکدا هەمان ژمارەت بۆ دەردەچێ، کە دەکاتە ١٠٨٩



# ماتماتیک

ژیر ئاوڕەحمان – سلێمانی

دوکاندارێک تەرازوویەکی هەیە، بەڵام کیلۆی ئاسنی نییە بۆ ئەوەی شتی پێ بکێشێ، دوکانەکەشی لە شوێنێکی دوورە و ناگاتە بازاڕ بۆ ئەوەی کیلۆ بکڕێ.
ئەم دوکاندارە ژیرە بەردێکی ٤٠ کیلۆگرامیی هەبوو، هەستا کردیە چوار بەش، کە بەهۆیانەوە دەیتوانی لە ١ کیلۆگرامەوە تا ٤٠ کیلۆگرام بکێشێ. دە تۆی ژیریش بزانە هەر یەکێک لەو ٤ بەردە چەند کیلۆیە؟

# بیدۆزەرەوە

ڕەوا عوسمان – کەرکووک

کارمەندێکی میرییە ناوەکەی لە ١٢ پیت پێک هاتووە، ئایا لەڕێی لێکدانەوەی ژمارەی پیتەکانیەوە دەکاری بەماوەیەکی کەم ناوی ئەو کارمەندە لەخۆ بردووە بدۆزیتەوە؟

١١+٨+١٠= چاو
١+٦+٨+١٠= پیاو
١١+٢+١+٦= چۆپی
٩+١٢= تۆ



# گرینگترین ڕووداوەکانی ئەم مانگە


## حوزەیران

نەوزاد سابیر – کەرکووک

١ی حوزەیرانی ١٩٥٦ ڕاگەیاندنی ڕۆژی جیهانیی منداڵان.
٢ی حوزەیرانی ١٨٥٧ داهێنانی ئامێری تەلەفۆن لەلایەن ئەلیکسەندەر گراهام بێڵ.
١٥ی حوزەیرانی ١٩٣٠ هەڵگیرسانی ڕاپەڕینەکانی ئاگری داخ لە کوردستانی تورکیا.
١٨ی حوزەیرانی ١٩١٩ دەرکردنی بڕیاری لە سێدارەدانی شێخ مەحموود.
١٩ی حوزەیرانی ١٩٥٠ کۆچی دوایی پیرەمێردی شاعیر.
٢٣ی حوزەیرانی ١٩٧٠ یەکەمین کۆنگرەی یەکەتیی نووسەرانی کورد لە بەغدا.
٢٦ی حوزەیرانی ١٩٧٢ کۆچی دووایی هونەرمەند حەسەن زیرەک.
٢٩ی حوزەیرانی ٧٦٢ دروستکردنی شاری بەغدا لەلایەن خەلیفەی عەباسی ئەبو جەعفەری مەنسوور.



# وشەی یەکتربڕ



ئارا ئاری – هەولێر

### ستوونی

١ـ بۆ باران نەبارین دەکرێت + پیتێکە.
٢ـ بە کەسێکی باوەڕدار دەگوترێت.
٣ـ ژمارەیەکە ـ پیتێکی ئینگلیزییە(پ) + جۆرە درەختێکە(پ).
٤ـ ....
٥ـ سوار بە کرمانجی ژوروو(پ) ـ شێت.
٦ـ تیر(پ).
٧ـ ئەندامێکی خێزانە(پ) ـ باڵدارێکی ئاوییە.
٨ـ جۆرە ئوتۆمبێلێکە ـ ڕووبارێکە لە ئەفریقیا.
٩ـ ئاژانسی ئاسمانی ئەمەریکایە(پ).
١٠ـ خۆزگە(پ) ـ چاوی پێکەوت(پ)+ ئاو بە تورکی(پ).
١١ـ بەهێز ـ ناوێکی کوڕانەی کوردییە.

### ئاسۆیی

١ـ وەرزێکی ساڵە + پیتێکە ـ دەسووتێت(پ). ٢ـ ناوێکی کچانەیە(پ) ـ نیوەی یانە.
٣ـ ئەمسەروئەوسەری روون ـ پووچ(پ). ٤ـ لۆ ـ هەوا.
٥ـ .....
٦ـ پیتێکە + یانەیەکی شاهانەی ئیسپانیایە(پ).
٧ـ هزر(پ) ـ وڵاتێکی زلهێزی جیهانە(ت).
٨ـ ئاگر بە عەرەبی(ت) ـ پیتێکە+ دەوڵەت(پ).
٩ـ بەشێکە لە ناو دەمدا(ت) ـ کوت(پ) + نیوەی بەرد.
١٠ـ یاخود ـ نیوەی نالی(پ) ـ وەکوویەکن.
١١ـ رووناککەرەوەیەکە(پ) ـ وشەیەکی عەرەبیە بۆ ئافرەتان.

# دەست ڕەنگینی

لەرین شەماڵ – سلێمانی






خاوەنی ئیمتیاز : بەدران ئەحمەد حەبیب
سەرپەرشتیار : عوف عبدالرحمن
سەرنووسیار : حەمە سەعید زەنگنە
٠٧٧٠١٣١٠٥٤٢
hamatal_ z@yahoo.com
جێگری سەرنووسیار : نەبەز ڕۆستەم
بەڕێوەبەری هونەری و نەخشەسازی پەروەر
تایپ : دلێر رەفیق
ناونیشان
کەرکووک – شەقامی کۆماری
تەلاری صیدلی فخری